# تۆ لەغوربەتیا دەمری و
# منیش لێرە لە خاچ دەدرێم

بۆ هەندرێن



حەمە عەباس



خۆشیت بەچی دێ کەچنگت لەسینگۆڕکی
عومرێکی نەزۆک گیردەکەی
خۆشیم بەچی بێ کەگیانم بە مشتێ ڤالیۆم سڕ دەکەم
ئەمە جمکە پرسیارێک بوو
لەشەوێکی سەرخۆشیما
وەک جگەرەیەک دامگیرساند

***

ئەو شەوانەی
ڕێژنەماچ و بارانیان تیا سندم دەکرێ
بەدیار دەفێکی ماسۆشی و
چرایەکی قەت دانەگیرساو و
بخوورێکی کوژاوەی ژوورێکی چۆڵ
ئاهەنگی لەدایکبوونی

مەرگە زەبەللاحەکانی ئەو ڕۆژانە
دەگێڕین
تەنکەسێبەرەکانیان تیا نغرۆ دەبوو
کات سوڵتانە
ماتماتیکێکی نوێتر بەگەردنیا
شۆڕکەرەوە
منیش لێرە بەدوای پێیەکی قالب
بەتاڵ
بۆ پەراسووی پەیوەندییەکان و
قەفەزێک بۆ دیلکردنی ئەو خەونانەی
شەوان جارجار دەیانبینم
چوومەتەناو سپرینگی ژەنگگرتووی کات و... دەشزانم
هەموو قەفەکان دەبڕم و
لەوسەرەوە
تەنها
زەمبیلەی بەتاڵ و
سەرەسووڕەیەک و
چیتر

***

خدووم بە هەڵگرتنی ریخۆڵەکوێرەکانەوە گرتووە
تەلیسمی ناکۆکیەکان و خەناوکەی یادە کاڵەکان
وەک زنجیری ساقۆی منداڵیم کەللۆسن
ناتوانم پەنجەکانم بکەم بە تەیمانێ
بۆ نەزەرگایەکی بێ ئاڵای جەنگەڵستانێکی دۆزەخی
دەبێ لە حەوزێکی بێهوودەییدا
خۆم وەک بێچووەکرێوەیەک بتوێنمەوە
بێنوێژێک خۆیم پێ بسمیلکاو
لەکەلێنی مەمکەکانیا ببمە هەڵم و
پەنجەم بخەمە نێو پەنجەی دووکەڵی جگەرەی تۆو



بفڕم
جگەرەکەت لەعومری لەئاوچووم
دەچێ
سووتان
دووکەڵ
قەزەمێکی بەکتریایی و
لەپشت چاویلکەکانەوە دەداڵغێ
تا لەژێرچەپۆکی پێیان
ژوورێکی بێ پەنجەرەو
بێ دیوار و
بێ نوێن
ئاوەدان دەکاتەوە
دیوارە کاتخۆرکەکانی ئاوەدانی پەمۆن و
لەکونەلووتمان نابنەوە
لەمێژە
هەست بە تەنگی هەناسەی خۆم دەکەم و
لە پیاسە نەبڕاوەکانی
بەرچڕە دووکەڵ و
گەردەلوولی هەناسەی مرۆیان وەڕسم
بۆ کونجی تەنیاییم تەنها
نائاگایی ئەو شەوانەم بەدەستماوە
شووشەکانیان تیا وشکدەبێ و
منیش تەڕ.



Sherwan74@msn.com